ناسر رەزازی

# گوڵەگەنمێکی قەرسیلی سەوز

1 گوڵەگەنمێکی
قەرسیلی سەوز

ئارێز
2012

ناوکتێب: کوڵەکەنمێکی قەوسیلی سەوز
ناوی نوسەر: ئارێز
پێداچوونەوە: لوقمان رەئوف
تایپ و هەڵەچن: باوان عومەر
نەخشەسازی: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٢ سلێمانی
نرخ: ١٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٩١٥)ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

# گوڵەگەنمێکی

قەرسیلی سەوز

کاتێ خەڵکی نەیاندەوێرا بەدزیشەوە لە ترسی دوژمنەکانی مۆسیقا و گۆرانی و کونە پەپووەکانی شەوەزەنگی رەش و نەگریس گوێ لە سرودەکانی بگرن.

کاتێ جەلادەکانی دژ بە ناسکی و شیعر و گۆرانی رۆژانە کون بەکون بەدوای برینی زمانی ئەوانەوە دەگەڕان باسی (شەهید، ئازادی، کورد و کوردستان و عیشق و نیشتیمان و...) دەکرد، خۆشەویستی لەسەر رێگا و شەقام و شارەکاندا دەکرا بەدارا.

کاتێ رۆژانە پۆلێك پێشمەرگە شەهید دەبوون، چ لەم دیوو چ لەو دیوو، گرنگ نەبوو سەر بە چ خەیاڵ و حەز و ئارەزوو و ئاین و دینێك بوون و لاشەی خوێناویان بە جامدانەیەکی رەش و سپی خۆڵاوی دەپێچرا.

ئەو لەو کاتانەدا ئامادەبوو بڵێ؛ ئەی شەهیدان، پێشکەشە بەگیانی ئەوانەی بۆ گەل فیدا بوون، نموونەکانیان ئەم قارەمانەن

(ئارام و فوئاد و بەیان و گوڵێ...)ن

ئەو ئاوا ژیا و ئاوا بەگژ ئەو جەلادانەدا چووە، کە هەرگیز وتنی سرود و گۆرانی ئاسان نەبوو. بگرە لەو ئان و زەمانەدا یەکسان بوو بەمەرگ.

بەڵام ئەو بەجادووی گۆرانی، بە باوەشی نیشتیمان، بەعیشقی خەڵك و وڵات لەمەرگ دەرباز بوو. کە خۆشبەختانە هێشتا لەپشت ئەو سەروەریانەوە وەستاوە.

گۆرانی دەچڕێ و بە عەزمەوە هاوار دەکات؛ هێشتا ئامادەم لە پێناو خەڵك و نیشتیمان هەزار هێندەی تر گیانبازی بکەم.

ئەو قەقنەسە؛ دەنووك سورە، ئەو مەلە گەرمیان و کوێستانەی کە هەر دەخوێنێ و ئەو بولبولەی هەرگیز لە قەفەسدا ناحەجمێ و عاشقی زەنوێر و شاخ و داخی کوردستانە.

ئەو پەپوولەیەی لەناو رەوەزی قەدپاڵی شاخدا نەبێ ناحەجمێ.

ئەو تکەی شەونمی نەسیمی بەربەیانە و لەگەڵ هاتنی تیشکی خۆر ئاوا دەبێ و لەگەڵ ئاوابوونی خۆریش شەبەقی دێتەوە.

ئەو لەناو گوڵە گەنمی قەرسیلی سەوز؛ سەوز بەنەغمەیەکی ناسك دەڵێ "لەگوڵ و لەگوڵان، لەگوڵی گەنم و جۆ،.. نەژی ئەو زاڵمەی دایبڕیم لەتۆ"

ئەو هیچ وشەیەك نەماوە لەگەڵ نۆتەیەکی مۆسیقا تێکەڵی

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

نەکات، ئەو هیچ دێڕ و هۆنراوەیەکی ناسك نەماوە، نەیکاتە سروود و گۆرانی و نەیدا بەگوێی هەناسە ساردەکانی ئەم وڵاتە.

ئەو هەموو وشە یاساخ و حەرام و تابۆکانی هێنا و کردنیە ملوانکە و وتی ((بۆچی حەرامە؟ بۆچی چیمان پێ ڕەوابینراوە. تا نەتوانین سرود و ئاوازی کوردستانی بچڕین...؟))

هەرچی لەدڵی داخ و لەدڵی کورددا بوو. بەیەکجار بەدرێژایی عومری خۆی خستیە سەر زار و لاپەڕەی کتێب و ناو دڵی پڕ بە تاساوی هەمووومان.

هیچ کەسێ نیە، ئەو نەناسێ ڕۆژێ لەرۆژان هۆگری دەنگ و عشقی ئاواز و نەغمەی حەزینی ئەو نەبووبێ.

کەس نیە نەزانێ گەر باسی ئازایەتی و خۆڕاگری و چاونەترسی بکرێ، ئەو بازێکی سنەییەو بە ئاسمانی ئاویەردا ڕەتدەبێت و بەسەر ژاوەرۆ و جەمشاری سنە و مەریوان و زرێباردا بەئاسمانەوە خول دەخوات و باڵ لێکدەدا و بەرەو شاخە سەرکەشەکانی سورێن و داڵەهۆ پەلدەکوتێ بۆ ئێرەدێ.

ئەو هەر زوو ساکەکەی هەڵگرت، عشقی نیشتمان و خاکی دایك و مەنزڵی دایکی جێهێشت و هات و لەسەفرە و مالومە لەژێر چادرەکانی پۆلە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە قەراری گرت و هەرگیز قبوڵی نەکرد لە ژێر جەور و ستەمی سانسۆری؛ سزا دابێت، کە تەنانەت ڕێگایان پێنەدا قسەی دڵی بکات و گۆرانی بچڕێ.

ئەو بازێکی سەرکەشی سنە و موکریان و مەریوانە لەناو دڵی پێنجوێن و شارباژێڕ و هەولێر و سلێمانی ئۆقرە دەگرێ و گۆرانی دەڵێ لە سنەوە بۆ موکریان، لە رانیەوە تا سلێمانی، لە ئامەدەوە تا هەکاری و قامیشلۆ و عەفرین و ئەو نەیدەزانی جیاوازی بکات لەنێوان جەعفەر و ئارام، گەریلا و پێشمەرگە و رەنگی ئەم و ئەو.

سرودی پڕ لەبانگەوازی تیپی بانگەواز، بابان، سلێمانی و هەولێری چڕی، هەزاران جار لەگەڵ پێشمەرگەدا شەوی ئەنگوستە چاوی بەرێکرد، هەزاران جار چاوی لەپەڵە دەوەنی شەوی تاریک و تنوك کوتاوە، هەزاران جار لە تەپڵەی بەفر کەوت و ئاوی چۆڕاوگەی گوێسەبانانی لادێ بەپشت ملیا هاتوەتە خوار و نانی رەقی شوانی کردوەتە توێشوی ژیان و سەفەر...

ئەو هەزاران جار لەجیاتی پەتۆ و فەرشی سوری خواپێداوەکان، تاریکی شەوی لەخۆی ئاڵاندوەو بەردێك بوەتە سەرینی.

ئەو هەزاران جار لە بۆسەی دوژمنی داوە و گیانی خۆی کردۆتە قوربانی رێگای ئازادی ئینسان و گەلەکەی.

کە باسی سروشت و پەپوولە و لەیل و مەجنون خاڵۆ و داپیرە و نێرگز و گوڵ و خونچە و ئارام و جەعفەر و لالۆ دەکرێت.

کە باسی کاروانچی و بەدبەختی و ژیان و رەنج و ئازار دەکرێت، کەباسی ئینسان ژیان و باڵندە و نەهامەتی دەکرێت.

کە باسی پێشمەرگە و ئەزەل و جاویدانی دەکرێت کە باسی سنە

brushes made by enviro.deviantart.com

و سابڵاخ و سەردەشت و بانە دەکرێت.

کەباسی جامەدانەی رەش و توێشووی رەشی ژیانی تاڵی رۆژانە دەکرێت.

کە باسی عیشقی خاك و نیشتمان دەکرێت، ئەوەمان بیردەکەوێتەوە.

ئەو وەك کەسێکی سەر دوندی شاخی قەندیل وابوو، دەگەڕا لەسەر بڵندترین لوتکەی شاخی کوێستانی کوردستان دەیخوێند. ئەو ئاوا دەگەڕا بەدوای جوانترین شیعر و هۆنراوەی شاعیرانە، کە لەناو دیوانەکانیدا تا بیکاتە دیاری و بیدا لەبەرۆکی گوێگرانی.

ئەو وەکو حەللاج راست، وەکو عیسا پاك، وەکو عەلی هەژار ژیا، ئەو وەکو فوئاد و و ئارام خۆشەویست بوو.

ئەو ناوێکە هێندەی خەڵك دەیناسن، پێویستی بەناسین نیە. ئەو روحێکە وەکو فریشتە پێویستی بە مەدح نیە. ئەو وەکو هەوری ئاسمانی کوردستانە پاك و بێگەرد و گەردونیە.

ئەو وەکو پەپولەیەکی وەرزی بەهارانە و هەزاران ئەم گوڵ ئەو گوڵ دەکات و لەهیچ کوێ ئۆقرە ناگرێت.

ئەو رۆژێك لەهەواری هەورانە لە سوید و رۆژێك لەگەرمیانی کەلار و خانەقینە و رۆژێك لەدەشتی هەولێری کاکی بەکاکیە.

ئەو تەنها شوێنێك کەلێی حەرامە ماڵ و نیشتیمانی زێد و خاکی خۆیی و دایك و باوکیەتی.

چ سەختە سێ ساڵ ڕۆژێک نەتوانی سەر بە دەرگای ماڵەکەتدا بکەیت و لەژێر دار هەناری ماڵەکەتدا سەرخەوێک بشکێنیت.

ئەو لەهەموو دونیا ئازادە بفڕێ و بژی، بەدەنگی بەسۆزی گۆرانی بڵێ و سرود بخوێنێ. تەنها لەزێد و وڵاتی خۆی کە سنەیە، بۆی حەرامە.

سنە و ئاویەر کە لەهەموو شت پیرۆزترن بۆ ئەو، بەڵام حەرامترین شوێنی سەر زەمینە بۆ ئەو.

ئەو کە سێ ساڵە گۆرانی دەچڕێ بۆ سنە و مەریوان. کەچی بوەتە حەرامترین شوێنی دونیا بۆی. ئەو لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەڵام خۆشەویستی گشت کوردانە لەم جیهانە.

ئەو قەقنەسە دەنوک سورە، ئەو گوڵە گەنمە قەرسیلیە سەوز سەوزە ناسری ڕەزازی، نوێنەری مۆسیقای کوردستانە.

ڕەزازی وەکو کەسێکی هونەرمەند و گۆرانیبێژی کورد بۆ کەسمان نامۆ نییە، ئەوە چەند ساڵە لەم بوارەدا بەعیشقەوە ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و چەڵڕێژە ئەپێوێ، ئەگەرچی چەندین جار چەقڵ چەقیوەتە بەرپێی؛ بەڵام ڕێبواری ڕێیەکی دوورە و سوێندی خواردووە بگاتە مەنزڵ. ئەگەرچی گلەیی و دەردەسەری زۆری هەیە، بەڵام دەڵێ ((من کوردم و هەمیشە خزمەتدەکەم)).

لەدیدارێکدا لەشاری سلێمانی سەرەتا ئامادە نەبوو بۆ دیدار، چونکە وتی ((بەڕاستی پرسیارەکان دووبارەدەبنەوە، بەڵام

brushes made by
envi ro. deviantart. com

لەکۆتایی دیدارەکەدا پێیوابوو، کەدیدارێکی زۆر باش و بەپێزبوو، ئەوەی لێرەدا دەخوێنیتەوەئەو دیدارەیە لەگەڵ رەزازی.

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت، پوختەی دیدارێکە کە چەند ساڵ پێش ئێستا ئەنجامدراوە؛ لەبەر گرنگی و بایەخی دیمانەکە هەوڵماندا لەشێوەی نامیلکەیەکدا بیخەینە بەردەستی خوێنەران...

دەبێ ئەوەش بڵێم زۆرتر دیدارێکی رۆژنامەوانیە، بەڵام باس لەرۆڵی هونەرمەند دەکات لەبواری هونەر و مۆسیقای کوردی، ئەگەرچی هەوڵێکی بچوکی رۆژنامەنوسیە، بەڵام رەزازی شایەنی زیاتری ناساندن و دیداری درێژتر و قوڵترە، بەڵام لەئێستادا تەنیا ئەمەمان لەدەستهات.

دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم دیدارانە سێ بەشن کە پێکهاتوون لە (عەبدوڵلا حەسەن زادە((شاهێنی ئانا وازا))، (مەزهەری خالقی ((قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە))، (ناسری رەزازی ((گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز))

ئـارێز
سلێمانی
2012/10/1

**• پێمخۆشە سەرەتا بپرسم لەسنەوە بۆ شاخ بۆ هونەرو دواتر بۆ سوید گەڕانەوە بۆ شاخ و بۆ کوردستان، چی لەپشت ئەم هەموو کۆچەوە هەیە، هەستی هونەری و نەتەوەییە، یان شتێکە من نایزانم؟**

– راستیەکەی بەر لەهەموو شتێک، بێ مافی و بێ دەولەتی میللەتی کورد، ئەمانە بوو بەهۆ کەئێمەی تووشی کۆچکردن و پێشمەرگایەتی و هەندەران کرد.

**• کاتێ گوێ لەگۆرانیەکانی (دێوانەخۆم، مەرزالێ،دەبارێ هەی دەبارێ) دەگریت وگوێش لە (رازیانە، مامە گیانی‌مامە) دەبێ هەستدەکەیت یەکەمیان لەسەردەمی شاخ و بەئیمکانیاتێکی کەم و سادەوە بەرهەم هاتووە، بەلام دووەمیان لەناو جەرگەی مۆدێرنەی ئەوروپا بەنوێترین ئامێر بەرهەمهاتوە، پرسیارەکە ئەوەیە هێشتا ئاوازو مۆزیکی یەکەمیان زیندوترن لای گوێگران، تا ئەو بەرهەمانەی کەلەئەوروپا تۆمار کراون هۆکارەکەی چیە؟**

–بەرلەهەموو شتێک من لەهیچ کام لەبەرهەمەکانی خۆم رازی نیم، بۆپرسیاری یەکەم وەلامدەری ئەمەیە، بەلام دیسان لەبەر بنبەستی و ژێردەستی و چەوساوەیی میللەتی کورد نەتوانراوە شتی زۆرباش بکەین، بەلام

brushes made by
envirо.deviantart.com

ئەگەر چاوێک بەمێژووی گۆرانیدا بخشێنین، یان ئەوەی کەچاوێک بەهەست و ئینسانی خۆمان دا بخشێنین، گۆرانی بیرەوەرییە، بۆچی؟ چونکە گۆرانی لەگەڵ مرۆڤدا دەژی یان مرۆڤ لەگەڵ گۆرانیدا دەژی، مرۆڤ کاتێ گوێی لەگۆرانیەک دەبێت، ئیتر ئەو گۆرانیە هەرکەسێک بێت، دوای سالەها کاتێک ئەیبیستێتەوە بیرەوەری بۆ دروستدەکاتەوە. من پێموابێت لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە نیە.

**• ئەو بیرەوەریانە کامانەن کەبۆ تۆ بەجێ ماون؟**

-بۆ نمونە، کاتێک لەسەردەمێکدا کەمن گەنج بووم،تازە گروگالی کوردایەتیم دەکرد، یان سەردەمێک کەمن عاشق بووم هێشتا ژنم نەهێنابوو، یان سەردەمی گەنجی کەئینسان هەزاران ئاوات وخۆزگەی هەیە. لەو کاتانەدا تۆ بەگۆرانیەک ئەو خۆزگەو ئاواتانەت هاتۆتەدی، یان نەهاتوەتە دی، وەکو حەسرەت لە دڵتا ماوەتەوە ٠گوێیان لێ دەگریتەوە هەموویت بۆ زیندودەبێتەوە٠٠

**• (نەجمەدین غولامی) ئەڵێت من سروودبێژی خۆرهەڵاتی کوردستانم، ئەگەرچی هەندێک کەس (ناسری رەزازی) بەپێشەنگی ئەم کارە ئەزانن. بەبۆچوونی تۆ راستیەکەی کامەیە وەئەمە گرنگە بۆ**

**هونەرمەند کەدەست پێشخەر بێت لەو مەسەلەیە؟**

– من لەگەڵ رێزم بۆ هاورێی هونەرمەند (نەجمەدینی غوڵامی)گۆرانیبێژێکی باش و شۆرشگێرە، نەجمەدینی غوڵامی بەچەند ساڵێک دوای من دەستیکردوە بەگۆرانی، من مێژووی ئەوانەم رونکردەوە پێش ئەوەی شای ئێران بروخێت من گۆرانی شۆرشگێریم وتوە، لە زۆر شوێنیشدا باسمکردوە، لێرەدا بەکورتی نمونەیەکت بۆ بگێرمەوە(پێش ئەوەی(شا) بروخێت من بەگۆرانی شۆرشگێری و شیعری سیاسی دەستمپێکرد وچەند شتێکم وت، هاورێیەکم هەبوو لەسنە ناوی (ئەحمەدی محەمەدی)بوو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بوو، لەشاری سنە شەهید بوو، ئەو شیعرەم لەبیرماوە، حەزناکەم لێرە باسی بکەم، چونکە شیعرەکە ئەو کاتە باسی مەسەلەی مەزهەبی ئەکرد، مەسەلەی شیعەو سوننەیە، چونکە ئێمەی کورد چەند مەزهە چەند دیالێکت بووین، ئێستا حەزناکەم باسی بکەم، چونکە مرۆڤ گۆرانی بەسەردا دێت، ئێستا وەکو ئەو کاتە بیرناکەمەوە، ئەوکورە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو، هات پێی گوتم؛ لەگەڵ چەند هاورێی دیکە کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو شتانە، ئەگەر بەراستی ئەوانەیان کۆنەکردایەتەوە من

brushes made by
envirо.deviantart.com

تووشی گەورەترین دەردی سەر ئەبووم، لەدانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستا هێمن ئێستا کاسێتەکەی ماوە،دکتۆرێک بەنێو (د٠عەبدولرەحمان) ئەو ناوە ناوی ئەسلی خۆی نیە، خەڵکی چەمچەماڵ بوو، بەڵام لەکوردستانی ئێران، لەلای ئێمە بوو. لەو دانیشتنەدا باسی ئەو شتانە دەکات دەڵێت (ئەم کورە کاتی خۆی کارێکی ئاوەهای کرد هەندێ گۆرانی و مەقامی تۆمار کرد، ئەگەر(ساواک) بیزانیبایە سەری تێدا دەچوو، بەڵام دوای ئەوانە وردە وردە لەئێران شۆرشی گەلانی ئێران دەستیپێکرد ٠ من بەسرودی (دێم و دێم) و (ئەی شەهیدان) سالی (١٩٧٨) ئەم سرودەم وت دوای ئەوەی (دێم ودێم)م وت، پاشان دوو سرودم گوت تازە پەیکەری شای ئێرانیان لەسنەوە ئەهێنایە خوارەوە، لەو کاتەدا کەپەیکەرەکەیان ئەهێنایە خوارەوە، من لەرادیۆدا ئەو دوو سرودەم تۆمار کرد یەکێکیان (نیشتمان) بوو ئەوی‌تر (کوردین و دلێر) سرودی نیشتمان (٦) مانگ ئارمی رادیۆ کوردیەکەی تاران بوو، پێش ئەوە بگەرێمەوە بۆشتێکی دیکە. بەرێز مامۆستا (شێخ جەلالی حسێنی) کاتێک هات بۆ سنە ولە بالکۆنی کەشاوەرزی سنە وتاری بۆ خەڵکی سنەدا لەوتارەکەیدا یەک شتیم لەبیرە وتی ؛ ئێمەی کورد بەدووشتەوە ماوین،

یەکێک ئەو شاخانە ئێمەی پەناداوە، یەکێک زمانەکەمان، ئەوە هێشتا (شا) نەروخابوو دەورەی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سنەبوو، من سرودی (دێم ودێم) سرودی کۆنی سەردەمی ئەیلولە(دەمی راپەرینە) ئەو کاتە من ئەوانەم گوتوە . یان کاک (نەجمەدینی غولامی) هەڵەکەی لەوەدایە یەکەم کەس بوو کاسێتی سرودی دانا، ئەویش دوای مقاوەمەتی یەک، کاک نەجمەدین ئەو سرودانەی دانا، بەڵام من پێش کاک نەجمەدین ئەو شتانەم تۆمارکردوە، ئەگەر بەگشتی ببینە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم کەس کاک (حەسەن زیــرەک)ە، کەسرودی (ئەی نەتەوەی کاوەی دلێری)گوتوە، وەئەگەر لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا دەست پێبکەین یەکەم سرود لەکۆماری کوردستاندا وتراوەکە یەکێک بەنێوی(سەید عەبدوللا) ئەو کاتە سرودی نیشتمانی گوتوە دوای ئەو (حەسەن زیرەک)ە، پاشان لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێراندا (ناسری رەزازی) دەستیپێکردوە، دوای منیش (رەشید خانی فەیزی نەژاد)ئەو کە رەشید خان باسی برادەرێکی تر دەکات، هەلبەتە ئەو برادەرە کەمن نایناسم نازانم کێیە؟ دوای ئەوە کاک نەجمەدین و کاک کالی وئەوان دەستیانپێکرد ..

brushes made by
envirodeviantart.com

**• کاک ناسر ئەوەندەی من بزانم پێموایە کاسێتەکەی کاک (نەچمەدین)کەباسیدەکات وەکو یەکەم سرود بێژی رۆژهەلات، ئەوەیە کەباسي(ئەی پێشمەرگەی قارەمان) پێموایە سالٌی (١٩٨١) ە، بەلام قسەکە ئەوەیە، ئایا ئەوانەی کەتۆلەسەردەمی شادا وتوتە (سرودی نیشتمان) و(دێم دێم) و ئەوانە، مەسەلەکە ئەوەیە کەتۆمارنەکراون وەکو دۆکۆمێنت نەماون ؟**

–نەخێر وەکو دۆکۆمێنت ماون، ئەو دوانەیان لەرادیۆی سنە تۆمارم کردن پێش ئەو دوو سرود یەکێکیان بەبیرم هاتەوە هاتنی (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان) نووسەری گەورەی کوردی ئێران، کەبەداخەوە زۆری بەفارسی ئەنوسێ، خۆی لای من جێگەی رێزە، ئەو هاتوە بۆ سنە من (دێم و دێم)م لەکۆبونەوەکەی ئەو بەرێزەدا گوتوە، یانی ئەوە ماوە بەدۆکۆمێنت لەلام هەیە (ئەی شەهیدانەکەم) بەدۆکۆمێنت لەلا هەیە، ئەوچوارەم بەدۆکۆمێنت ماوە .

**• تۆ جگە لەوەی وەکو گۆرانیبێژو هونەرمەند، خەریکی کاری نووسینیشیت، تا ئێستا بۆ هەولٌت نەداوە ئەمە ساغ کەیتەوە، رەنگە قسە کردن لەسەری شتێک بێت و ساغ کردنەوەی شتێکی تر ؟**

–راستیەکەی من خۆم بەنووسەر و شاعیر نازانم،
من زیاتر کاری وەرگێران دەکەم من لەوەرگێراندا کارم
باشە، چونکە دیالیکتیکەکان باش دەزانم دیالیکتیکەکانی
کوردی و فارسیش دەزانم، من هەتا ئێستا چەندین ئیشم
کردوە، یەکەم کارم سالی (١٩٩٤) وەرگێرانی کتێبی ژیانی
(بتهۆڤن)ەکە (رۆمان غۆران) بەفارسی نووسیویەتی
وەرمگێراوە بۆ کوردی، دووەم کتێب جوغرافیایەکی
سروشتێیە کەخۆر چۆن ئەگیرێ‌و مانگ چۆن ئەگیرێ
و بومەلەرزە چۆن رودەدات، ئەوەم چاپکردوە لەسوید،
سێیەم کتێبم کتێبی (ناو لەکۆمەلی کوردەواری) یە
کەسالی (١٩٩٥) چاپمکردوە چوارەم کتێبم کتێبی
(جوگرافیای هەرچوار پارچەکەی کوردستانە) کە لەگەڵ
دووبرادەری تر لەسوئید چاپمانکردوە (ئەحمەد تبریس
و فەهاد گەردەوانە)، پاشان چەند وتارم ئەتوانم بلێم
لەسەر گۆرانیبێژەکان، لەسەر مۆسیقای کوردی نوسیوە
و ئێستا خەریکی مێژووی مۆسیقای کوردیم، نزیکەی
(١٤تا١٥) سالە خەریکی ئەو ئیشەم، بەلام ئەو ئیشە کاک
(محەمەدی حەمەباقی) هاوکارمە، چونکە ئیشەکە ئیشێکی
باشە ئەوەندە تەجروبەی هەیە، پاشان کتێبێکی دیکەم
بەدەستەوەیە کەوەکو کارەکانی (عەلائەدینی سەجادی)،

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

بەلاّم واقعیانەتر، نەک ئەوەی کەبلّێی خەیاڵی ئەوە رووداوانەی کەروویانداوە وەک نوکتە لەکوردەواریدا، پاشان کتێبێکی ترم بەدەستەوەیە لەسەرناوی کوردی یەکەم وەک سالی (١٩٩٥) تەکمیل تر، خەریکیم تێرو تەسەلتر نزیکی (٥٠٠بۆ٦٠٠) لاپەرە دەبێت، بۆ نمونە ناوی بۆکان لەچیەوە هاتووە ناوی رەواندوز لەچییەوە هاتووە، زیاتریش ئەوانە لەبەر ئەوەبوو ئێمە لەدەرەوەی ولاّت بواری کاری هونەرییەکی وامان نەدیوە، بۆیە زیاد خۆم داوە بەنووسین دەنا من هەتا بۆم بکرێ،کاری هونەری دەکەم ناچمە سەرنووسین، هەر وەختێ کاری هونەریم نەبێت، ئەرۆمەوە سەرنووسین بەتایبەتی وەرگێران .

**• ئەوانەی باستکرد من بەش بەحاڵی خۆم ئاگاداری نیم، لێرە نەمبینیوە؟ هەق وابوو لێرە چاپ بکرێنەوە؟**

–کاک جەمالی دەلاک ئەتوانێت لێرە یارمەتیت بدات، پێموابێت دوو و سێ دانەیەکی لەکتێبخانەی ئێرە هەبوو ونبوە، دوایی نەماوە، ئەگەرمن خۆم رۆیشتمەوە هیوادارم بتوانم بیان هێنمەوەولێرەکەلکیان لێوەرگرن.

**• کاک ناسر لەدەیەی هەشتاکاندا کەباس لەگۆرانی و سروودی شۆرشگێرانە دەکرا، سێ کوچکەیەکی هونەری**

**کەورە دروستبووبوو لەنێوان(ناسرو نەجمەدین و کاڵێ) بەتایبەتی لەناو تیپی (هانا)، دواتریش بەتەئکید لەناو تیپی (کۆری بانکەواز)، بەلام ئەم یەکێتی یە هونەریە نەما، هۆکارەکەی چی بوو یاهۆکاری ئەوە بوو لەپاش رۆیشتن بۆ ئەوروپا و بۆ تاراوگە و ئەو وەزعەی بەناو کۆمەڵەدا هات، فاکتەرەکانی ئەوەبوو یان هەر لەئەساسدا یەکێتیەکە نەما ؟**

– راستیەکەی تیپی هانا ئێمە دامان نەمەزراند، تیپی هانا چەند کەسێک بوو لەگەل کاک نەجمەدین ئەو سرودانەیان تۆمار کرد، خۆیان تیپەکەیان ناونا هانا، ئێمە لەکاتێکدا کەپێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووین، لەدێی سلامەت لەناوچەی گەورەکان گروپێکمان دروستکرد بەناوی(گروپی بانگەواز) ئەو گروپە من بووم کاک نەجمەدین بوو کاک کاڵێ بوو مەرزیە بوو کاک فەریبرۆرزی فەخاری بوو کاک سابیری محەمەدی بوو کاک رەزا بچکۆل بوو، ئێمە دامان مەزراند بەلێ کاک ئەبوبەکر لەگزی لەدواییدا هات، ئەوکاتە بووکە کاک ئەمیری وەیسی شەهید بوو . زیاتر ئەو سرودانەی سەردەمی پێشمەرگایەتی هی ئەو تیپەیە، بەلام یەک شت هەیە ئەودەمە خەباتی چەکداری

brushes made by
envi1ro.deviantart.com
brushes made by
envi1ro.deviantart.com

لەئارادا بوو، بارودۆخەکە شتێکیتر بوو شۆڕش لەکوردستانی ئێران گەرم بوو، لێرەش گەرم بوو، بەڵام خۆت دەزانی دونیا گۆڕانی بەسەرداهات، نالێم ئێستا سەردەمی سروودنیە، هێشتا کوردستان بەتەواوی رزگار نەکراوە، بەڵام من لەو باوەڕەدام شەری چەکداری، ئێمە بەمەبەست ناگەیەنێ، من پێموایە جێگای شەڕو چەکداری ئێمەدەبێت لەگۆرەپانێکی ترەوە دەستپێبکەین، گۆڕەپانی هونەر،نووسین، ئێستا سەردەمی ئەوەیە، چونکە دونیا گۆڕانی تەکنولۆژی سەیری بەسەر هاتووە، ئەوەیە ئێستا ئەگەر مرۆڤ بیەوێت سرود تۆمار بکات، پێموواینە ئەو سرودانە وەڵامی کۆمەڵگەی ئێستای کوردەواری بێت .

*** ناسر ڕەزازی لەکەسێکی چەپ ومارکسیەوە (ئەوە بۆچوونی خۆمە)، واتە لەکەسێکی ئەنتێرناسیۆناڵ بێتە کەسێکی نەتەوەیی وناسیۆنالیست، ئایا غوربەتی نیشتمان بوویان ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی ئیدۆلۆژی بوو، وای لەتۆکرد بەم شێوەیە، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەرەتادا لەتۆدا هەبووە؟**

–من هەر لەسەرەتاوە هەستی نەتەوایەتیم هەبووە، قەتیش چەپ ومارکسیش نەبووم ولەکۆمەڵەشدا قەت

نەبووم بەئەندام، لەبەرئەوەی کەمنیان بە ناسیۆنالیست دەزانـــی، رقــی دنیاشم لــەو کەسانەیە کەوشەی ناسیۆنالیست بەکاردەهێنن، ئەزانی بۆچی؟ چونکە ناسیۆنالیست واتە بەمانای نەژادپەرست، من رقم لێیەتی، بەڵام ئەگەر ناسیۆنالیست بەمانای ئەوە بێ کەمرۆڤ زمان و کلتورو داب و کـرداری نەریتی نەتەوەیەک بپارێزێ بەچاک و خراپیەوە، من لەگەڵیا هەم.

*** ببورە ناسیۆنالیزم لەئەسڵی مەسەلەکەیەوە، بەڵام ئەوە هەندێ کەسی شۆڤێنی ئەو چەمکەیان شێواندوە ؟**

–ئێمە هێشتا نەبوین بەدەولەت، ئێمە میللەتێکی بن دەستین، بەبێ ناسیۆنالیست، بەدبەختیەکەی ئێمە ئەوەیە ناسیۆنالیزمین، من بۆ ئەوە هەولبدەم کەمیللەتی کورد هەستی نەتەوایەتییە . هەلبەتە نالێم میللەتی کورد بەگشتی ئەوانەی کەهەستی نەتەوایەتی تیانیە هەستینەتەوایەتیان تێدابو رۆژێ، کە ئێستا ئێمە گرفتاری گەورەترین کێشە بۆئێمە ئەوەیە هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتی کورددا بەگشتی کەمە. کوردستان، ئێمە ئەگەر یەک دەنگ بین یەک رەنگ بین، نەک هەر حزبی دژی حزبیم، هەلبەتە مەبەستم ئەوەیە یەکێتیەکی نەتەوایەتیمان هەبێ، ئێمە ئەتوانین زۆر لەوە سەرکەوتوتریش بین، بەلام بەداخەوە

brushes made by
envi ro.deviantart.com

یەکێتی نەتەوەیی، ئەوەیە کەهەستی نەتەوایەتی لەناو ئێمەی کورددا بەباشی نەبینراوە.

**• تۆ وەکو هونەرمەند ئەوە بەکاری سەرەکی خۆت دەزانی ...؟**

—بەلێ، چونکە من عەرزم کردی، من چەپ نەبوم، دژی چەپ نیم، من لایەنگری چەپێکی رادیکالم، لایەنگری چەپێکی توندو تیژو وشک نیم، لایەنگری ئەوچەپانە نیم گاڵتە بەمیللەتی کورد دەکەن، گاڵتە بەجل وبەرگی کوردی دەکەن .کۆمەنیست و ئیسلامی سیاسی بەخەتەرێکی گەورە ئەزانم ئەمرۆ بۆ میللەتی کورد،، من بەبێ پەردە ئەم قسەیە دەکەم، هەرکەس هێرشم ئەکاتە سەر کەیفی خۆیەتی. ئیسلامی سیاسی چەند زەرەری لەمیللەتی کورد داوە چەپیش ئەوەندە، ئێمە ئەبێ خەباتێکی جەماوەری، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی رێکبخەین، ئێمە نابێت دژی مەزهەب راوەستین، پێموایە ئەوانە کە خۆیان بەچەپ و کۆمۆنیست ئەزانن، گەورەترین خزمەتیان بەمەزهەب کردووە، مەزهەب ئەبێ بهێڵیت خۆی خۆی لەناو بەرێت، ئێمەناتوانین لەگەل مەزهەب شەربکەین، لەگەڵ کۆمەڵگایەک لە (٨٠٪) موسولمانەو، یان (٧٠٪) موسولمانە وە (٣٠٪) ئێزید و ئاسووری و جولەکەیە

و دژی مەزهەب رادەوەستین، ئێمە ئەبێ ئەمە لەبەرچاو بگرین ٠ کوردستان ولاتێکی فرەمەزهەبی و فرەزاراوەیە، ئەوە زۆر گرنگە...

**❁ کاک ناسر جارێک چەند راگەیاندنێک لەناو رۆژنامەکانی ئێرەدا بلاوکرایەوە، سەبارەت بەوەی کەکاک ناسر هەندێ دەستکاری ئاوازی خەلکی کردوە ٠ ئەمانە ئەسلی هەبوو، وەکو بەرێز ئەنوەر نەجمەدین باسیکرد، یان ئەمانە سیناریۆیەکی دروستکراو بوو؟**

– نەخێر ئەمە سیناریۆیەکی دروستکراوە، من دەستکاری ئاوازی هیچ کەسێکم نەکردووە ٠ و ئاوازی هەرکەسێکم وتوبێ وەکو خۆی وتومەتەوە ٠ ئەگەر گۆرانی فۆلکلۆریشم وتوبێت،زۆر لەگۆرانیە فۆلکلۆریەکانم هێناوە، چیم پێ زیادکردوە کۆپلەیەکم پێ زیادکردووە وتومن٠ کەسێک بێت بلێ دەستکاری ئاوازی کەسێکی کردوە٠ بۆیشم نیە دەستکاری ئاوازی گۆرانیبێژێکی دیکە بکەم، چونکە من گۆرانی خۆمم خوێندوە، جیاوازی هەیە لەگۆرانی ئەو گۆرانیبێژانەی کەوەختی خۆی من وردە وردە بۆ ئەوەی کەرێگەیەک بۆ خۆم بدۆزمەوە، گۆرانی ماملێ، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، تایەر تۆفیقم وتووە، گۆرانی ئەم گۆرانیبێژانەم

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

وتووه بۆئەوەی کە ڕێگە بۆ خۆم ببینمەوە؟ بەڵام هیچ کاتێک ،بۆنموونە گۆرانی مامەی عەلی مەردانم خوێندوە ،چ دەستکاریەکم کردووە؟ هیچ دەستکاریەکم نەکردو، فەقەد دەستکاری مۆسیقاکراوە. ئەویش بۆچی هەر بەوشێوەیەی ئیبراهیم تاتلیساس خۆێندوە،بۆئەوەی کەبزانن ئەو گۆرانییە گۆرانی عەلی مەردانە . ئەو گۆرانییە گۆرانی کوردییە .ئەگینا ئەمتوانی بەمۆسیقایەکی دیکە بیخوێنم .

**● مادەم لەسەر(ئیبراهیم تاتلیساس) قسەت کرد، دیارە زۆربەی ئەوهونەرمەندانەی وڵاتانیدراوسێ، هەستدەکەم کەسانی وەک (ئیبراهیم تاتلیساس وعەلی رەزائیفتیخاری) زۆریان ئاوازەکوردییەکان دەبەن کاری لەسەر ئەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی بهێنن، بۆ نموونە لەو کاسێتانەی عەلی رەزا ئیفتیخاری بڵاوی کردۆتەوە باسی ئاوازەکانی ئەکات، بەڵام ئاوازەکانی فلان و فلان بەبێ ئەوەی باس لەئاوازە کوردیەکە بکات. هەر ئێستا من چەند نموونەم لایەکەئاوازی کوردین ؟**

- زۆر باش دەزانم ئەمە دوومەسەلەیە، پێش ئەوەی کەوەلامی ئەم دوو مەسەلەیە بدەمەوە، باشتێکت پێبلێم، من دژ بەوەنیم کەمۆسیقای کوردی بکەوێتە ژێر

کاریگەری مۆسیقای دراوسێکان، شتێکی خۆرسکە، وەختێک دوو میللەت دوو نەتەوە پێکەوە جیران بن کاردەکەنە سەریەکترو کاریگەریش لەیەکتر وەردەگرن، بەڵام ئەوەی کە لەتورکیا دەکرێت ئەوە کاریگەری نییە، ئەوە فەوتاندن و تواندنەوەی مۆسیقای میللەتێکە، گۆرانیبێژی زۆرمان هەیە لەتورکیا کەکوردن و زۆریشان کوردی نازانن و هەر ناهێلن بەکوردی قسەبکەن، ئەو سیاسەتی دەولەتی تورکیا بێت چیدەکات، بۆ نموونە گۆرانیبێژێک لەتورکیا پارەوپولی زۆری بۆهەلئەرێژێت و ئیمکانیەتی زۆری پێ ئەدرێ ئەلێت گۆرانی ناوچەی خۆتان بهێنە، ئەوگۆرانیە فۆلکلۆریانە دەهێنن و کەلیماتی تورکی لەسەر دادەنێین، پاشان ئەیکەن بەمولکی نەتەوەی تورکیا، ئەوەی کەتورکەکان تۆماری دەکەن، ئەمە توانەوەی دەوری مۆسیقای نەتەوەیەکە، بەشێکی تریشمان هەیە، باراست ورەوان پێت بلێم بەداخەوە کۆمەلێک مۆسیقاکاری بێویژدانمان هەیە، کەئەرۆن گۆرانی کوردی دێنن و دەیدەن بەگۆرانیبێژە فارسەکان، واتە ئەیفرۆشن بەپارە، نموونەی زۆریشمان هەیە، پاشان دەنووسن لەسەر بناغەی میللەتی کوردی، لەکاتێک کەوانیە هەر میللەتی کورد بۆ خۆی کورد

brushes made by env1ro.deviantart.com

نیە، ئێمە زۆرمان هەن ئەم كارانەیان كردوە. لێرەشدا حەزدەكەم ئاماژە بدەم بۆ نمونە چەند گۆرانیبێژێك لەئێراندا پەیدابوون كەبەناو مۆسیقای عیرفانی، كەلەم رۆژانە یەكێكیان لەكوردستان TV دەركەوت (پەیام عەزیزی) بەناو مۆسیقای عیرفانی گۆرانی كوردی دێنن و كەلیماتی (لا اله الاالله ومحمدرسول الله)و ئەمانەی لەسەر دادەنێن، مۆسیقای عیرفانی رەسەن ئەوەیە كە لەتەكیەو خانەقاكانی ئێمەدا هەیە . ئەلحەقیش مۆسیقای عیرفانی رەسەنی خۆی هەیە . ئێزیدیەكانیش مۆسیقای عیرفانی رەسەنی خۆیان هەیە، بەلام ئەمە مۆسیقای عیرفانی نییە، ئەمانەیان هێناوە لەبەرانبەر ناسری رەزازی و نەجمەدین غولامی و محەمەد جەزا، ئەوانی دیكەوە دایانناون، بۆئەوەی كەئەم هونەرە لەناو میللەتی كوردا ریشە دابكوتێ و بیشێوێنن، بەلام ئەوانە خەیالیان لەوە زیاتر تەخت نەبێ، هەرچەند ئەو كارەی كەئەوان دەیكەن، خەلكی خۆی هەیە، خەلكێكی نەزان دوایكەوتووە ئەمیش لایەنێكی تر لەولایەنانەی كەبەداخەوە هەندێ مۆسیقاكاری ئێمە هەیە، كەحەز ناكەم ناویان بەرم، ئەم كارە ئەكەن بۆ ئەوەی كەمۆسیقای ئێمە تێك و پێك بدەن.

*** بەبۆچوونی تۆ چۆن بەربەم سیاسەتە دژوارەبگیرێ، دیارە مەبەستم لەکەلیمەی سیاسەت ئەوە دیارە دەستی دەولەتانیشی لەپشتەوەیە، کاری بۆ ئەکەن بەمەبەستی تێکدان و شێواندنی هونەری کوردی، چۆن کار بۆ ئەوە بکەین بۆ پیاچوونەوەی ئەوە ؟**

– ئەمە بەری پێ ناگیرێت، زەمان زەمانی تەلەفزیۆن و سەتەللایت و ئینتەرنێتە، زەمان زەمانی ئیمکانیاتە، ئەوان دەولەتیان هەیە و ئێمە نیمانە، ئەمە فەقەد هۆشیاری نەتەوایەتی ئەتوانێ پێش بەمە بگرێت، دورکەوتنەوە لەخورافات دوورکەوتنەوە لەدواکەوتویی دەتوانێ پێش بەمە بگرێت، بەلام لەپال ئەوەیشدا ئێمە دەبێ هەولێکی زۆرتر بدەین، کۆشش بکەین بۆ خەلکی روون بکەینەوە کەئەمانە چین، ئەبێت خەباتی بۆ بکەین .

*** کاک ناسر لەسەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد، گەنجەکانی ئێرە هەستدەکەن، بەگشتی گەنجی کورد هۆگری گۆرانی فارسی و تورکی و عەرەبی بووە و کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کلتوری کوردی، ئەگەر نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لەو رێپۆرتاژەی کردومانە دەرچووە یەکەم پرفرۆشی کاسێت سالی (٢٠٠٠) لەسلێمانی (کازم ساهیر) بووە. ئەمە دەلالەت**

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

**لەچی ئەکات، ئایا ئەمە وەکو تۆ وتت لەنەبوونی هەستێکی نەتەوەییەوە بێت بۆ هونەری کوردی، یان دەلالەت لەزەعیفی هونەری کوردی ئەکات، کەناتوانێ لەئاست داواو خواستەکانی گەنجان، یاخود گوێگرانی ئاوازی کوردی بێت یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە هونەری کوردەوە، یا کۆمەڵێ فاکتەری تر؟**

–پەیوەندی بەچەند فاکتەرێکەوە هەیە ٠ یەکێکی ڕاستە باسی نەبوون هوشیاری نەتەوایەتپت کرد، تەنیا ئەوە نیە پێشتر عەرزم کردی، ئەوان دەولەتێکیان لەپشتەوەیە، لەلایەکی ترەوە مۆسیقای کوردی ناتوانێ هەمان خواست و ویستی گەنجەکەی ئێمەبداتەوە، مۆسیقای کوردی زەعیفە، هەست و ئیحساس و مۆسیقای کوردی جیاوازە، مۆسیقای کوردی بەسەر مۆسیقای نەتەوەکانی تردا دابەشبووە، تۆ هەر مۆسیقایەکی تر بهێنیت، پێش ئەوەی مۆسیقی کوردی لەخوێنابێت، مۆسیقی داگیرکەرەکە ها لەخوێنیا، ئاخر گاڵتە نییە تۆ ئەگەر بەزمانی دایکی خۆت نەخوێنی بەوزمانە نەنووسی و قسە بەو زمانە نەکەیت و ناتوانیت مۆسیقایەکی باش و ڕێک وپێک بەدیبهێنی، ئەو ئیمکانیاتانە ئەوان هەیانە ئێمە نیمانە، بۆیە خەلک یان گەنجەکان گوێ لەئیبراهیم تاتلیساس و موعین و ئەوانی

تر دەگرن، ئەگەر ئێمەش ئەو ئیمكانیاتانەمان هەبێت، من پێموابێت ئەتوانین لەگەڵیاندا بەرامبەر ببینەوە . ئەتوانین دیوارێک دروستبکەین کەئەوان نەتوانن زەربە لەئێمە بدەن، بەڵام دونیای هونەر دونیایەکی زمانی نیە سنوری هەبێت . تۆ بتەوێت و نەتەوێت ئەڕوات، بەڵام مۆسیقای کوردی ئەوە نییە ئەوەندە بەربەرێکی بکات، لەگەڵ ئەواندا زۆران بگرێت، مۆسیقای کوردی زەعیفە، من پێموایە دەبێت پارەیەکی تەواوی بۆ خەرجبکرێت، بۆ ئەوەی کە مۆسیقای کوردی بتوانێت بەرامبەر بەمانە پشت ڕاستبکاتەوە، ئەمە ئیمکانیات و دەرەتانی زۆرتری دەوێت خزمەتی زۆرتری دەوێت، مۆسیقکاری کورد بەرهەمەکانی دەفرۆشرێت مۆسیقکاری کورد بەرهەمەکانی کۆپی دەکرێت، مۆسیقاری کورد گیروگرفتی زۆرە، کۆمپانیای نیە، ستۆدیوی نیە بەرهەمەکانی بەباشی بۆ بڵاوناکرێتەوە تا پارەیەکی باش بگاتەدەستی، ئیشەکانیتربکات، بەجیاواز لەو ئێمە لە بەشێکی بچوکدا زیاتر ئازادین، کە پارچەکانی ترهان لەژێر دەسەلاتی مۆسیقای قورسی داگیرکەران، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەولەت، من پێموابێت هەموو گیروگرفتێکی ئێمە دەولەت و کیانی کوردی چارەسەری

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

دەکات، ئەگەر نا هەمیشە ئەوە حاڵمانە.

**• ببورە ئەکەوێتە سەر ئاست و سەلیقەی هونەرمەندەکەیش بۆ نموونە؟**

–تواناو سەلیقە نییە، تواناو سەلیقە دەبێت باری ماڵی لەپشت بێت، تواناو سەلیقە باری ماڵی لەپشت نەبێت، تۆ چی دەکەیت خۆ ناتوانیت بە تەنیا سازو باڵەبان ئیشەکەت بێتە دەست.

**• مەبەستم ئەوە نەبوو بۆ ئەو کەبتوانن بەگژ هەموو هەوڵێکی دەرودراوسێدابچنەوە،بەڵکو ئەبینی چەند بەرهەمێک و دوای ئەو ئەڕوا و نامێنێت، وایە چەند کاسێتێک چەند بەرهەمێکی کرچوکاڵ ئەخاتەوە، ئەمە ئێمە ناتوانین بەمەبلێین هونەرو بەرگەی ئەو لێشاوە بگرین کەهەیە ؟**

–راستە ناتوانین بەربەولێشاوەبگرین، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک گۆرانیبێژو مۆسیقا هاتۆتە رووکە بەشێکیان بۆ مۆسیقای کوردی زۆر زۆر زیانن، من نموونەت بۆ دێنمەوە لەناو ئێمەدا هەیە کەگۆرانیبێژە، بەڵام دێت ئاواز ئەفرۆشێت، ئاوازەکانیشی هەموو فارسین، کۆمەڵێک پەیدابوون لەناو ئەم کۆمەلەگۆرانیبێژی تێدایە خۆی بەمولەحین

دەزانێ، گۆرانی ئەفرۆشێت بەگۆرانیبێژەکانی‌تر، بەڵام گۆرانیەکە هەمووی فارسیە، گۆرانی داوە بەچەند گۆرانیبێژی دیکە کە میلۆدی راستەوخۆی فارسی هێناوە کۆپیکردوە، من ئەو ماوەیەیش کە لێرە بووم تا ئەو جێگەیەیی کە دەستیداوە من گەراوم لە کۆرو کۆمەل هەموو کەسێ ئەمە باش دەزانێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە دەزگای راگەیاندنی ئێمە خەتابارە لەتاوانی ئەمەدا ئەوانە بلاودەکەنەوە، نابێت بلاویکەنەوە، لیژنەمان نیە ئێمە لیژنەی چاوەدێریمان پێویستە، جاران ئێمە کەلەکوردستانی بندەستی ئێران لەرادیۆ گۆرانیمان دەوت، لەحەلقانی رۆستەمەوە تێپەرین بۆ نموونە تۆ کەدەچوویت لەرادیۆ گۆرانی تۆمار بکەیت (٥) لیژنە هەبوو لیژنەیەک هی دەنگ بوو،لیژنەیەک هی مۆسیقا بوو، لیژنەیەک هی وشە بوو، لیژنەیەک لیژنەی گشت گۆرانی بێژەکەبوو، لیژنەی ئەخیر لەناو ئەم هەمووە گۆرانی هەلدەبژارد، بەلام بە داخەوە ئێمە لێرە نەلیژنەی دەنگمان هەیە، نەلیژنەی هۆنراوەمان هەیە، هیچ لیژنەیەکمان نیە، ئەمەیە خەتاکە، پاشان مەسەلەیەکی دیکەش هەیە دەبێت زۆر ئاگاداری بین، ئەویش ئەوەیە کە دەزگا راگەیاندنەکانی ئێمە لەبەر ئەوەی کەبەرهەمیان

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

کەمە بەداخەوە دەولەمەندنین لەبەرهەمدا، گوێ نادەنێ بلاوی دەکەنەوە، من پێموابێت ئەبێت هەنگاوێکیش بۆ ئەمە هەلبگیردرێت،چونکە ئەمە باش نییە، من لە پێشیشدا ئەوەم رونکردەوە وتم دژی ئەوە نین کەئێمە لەمۆسیقای گەلانی دیکە کەلک وەرگرین، مۆسیقای کوردی پێدەولەمەندتر دەبێتەوە، بەلام راستەخۆ هێنانی دەق و تەرجەرمەکردنی ئەمە خەتەرە بۆ ئێمە، ئاخر مۆسیقای کوردی خۆ ئەوەندە لاواز نیە، خۆ ئێمە لەهەر چوار پارچەی کوردستان خاوەنی کۆنترین بەرهەمی فۆلکلۆرین، ئێمە وەکو گەلانی دیکە ئاواز دانەرمان نییە و هۆنراوە دانەریشمان نیە، کەئەم دوانە پێویستە، کۆمەلێک هەن نموونە (ئەحمەد محەمەدی) شاعیر هەیە، کەتا ئێستا زیاتر لە (١٠٠)هۆنراوەی گۆرانی بۆ گۆرانیبێژەکان داناوە، ئەمە شتێکی باشە، سەرکەوتووە، بەلام ئەمیش بێ پشتیوانە باسی نەکراوە خزمەتی نەکراوە، ئەشێ لەهۆنراوەکانی هیچی دەست نەکەوتبێت . لەناو میللەتانی تر هۆنراوە دانان، ئەزانی چی دەکات، کاتێک هۆنراوە ئەدات بەگۆرانیبێژێک پارەی ئەدەنێ، پاشان ئاواز دانەری باشمان نییە، هەرچەند کۆمەلێ گەنج پێگەیشتوون، ئاوازیان داناوە، بەلام تۆ تەماشای

تەلەفزیۆنەکان بکە، مەترسی گەورە ئەوەیە گوێ لەهەر مۆسیقایەک ئەگری بۆنی تورکی لێ دێ یان عەرەبی و فارسی، ئەی چی بکەین، لەلایەکیشەوە ناچارین، ئێستا خۆم دوورنیە سەرەڕای ئەم هەموو ڕەخنەیە کەئەیگرم هەستم ئەو کارە بکەم ٠ منیش ناچارم، چونکە ئەبینم مۆسیقاکارەکانی ئێمە ناتوانن ئەو وەلامە بدەنەوە ٠ مۆسیقاکارەکانی ئێمەلەشەوی ئاهەنگ و ئەوانەدا کەمتر بەشداری ئەکەن، یان پێیانوایە ئەگەر بڕۆن لەزەماوەندێکا مۆسیقا لێ، بدەن یان لەچەند شەوی ئاهەنگدا مۆسیقا لێ بدەن، بەتایبەت من مەبەستمە،برێک لەمۆسیقاکارە باشەکان دەلێم پێیانوایە لێیان کەم بێتەوە، من نموونەت بۆ دێنمەوە ٠بۆچی ئەو مۆسیقاکارانەی تورکیا هەموو گۆرانیبێژەکانمان ڕوودەکەنە ئەوێ، ئەوەندە زەبر دەستن، هی ئەوەیە ئەمانە لەهەفتەدا شەش ڕۆژی لەخەنەسوران و لەزەماوەند و لەم لاو لەولا لێ ئەدەن، بۆیە ئەوەندە زەبەر دەستن لەناو ئیشەکەی خۆیاندا قالبوون ئەوکەسانەی ئێستا ئێمە نموونەمان هەیە، (سەید ئەحمەدی ڕەواندوزی) یان (زانای مەحمودهەژار) بەراوردیان بکەین لەگەل چوار پێنج سالی پێشو، تائەم تەلەفزیۆنانە دانەمەزرابوون کەمانیان باش نەبوو، ئێستا

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

چونکە دائیمەن خەریکی ئیشن و کاری زۆر دەکەن، وایلیّهاتووە سۆزی زیاتری هەیە . ئەمە زۆرگرنگە هەندێک شت هەیە ئەبێ مرۆڤ لەبەر چاوی بگرێت بەداخەوە ئێمە لەبەرچاوی ناگرین.

**• ببورە هەندێک خەڵک پێیانوایە ناسر بوەتە گۆرانیبێژێک لەهەموویادەکاندا و لەهەموو مناسەباتەکاندا گۆرانی ئەڵێت؟**

—ئەمە من بۆ تۆم باسکرد هێشتا کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتوەتە ئەوە کەئەوەی بەلاوە ئاسایی بێت، حەقێکی مەشرووعی هونەرمەند بێت.

**• ئەم رەخنانە دروستە، یاخود لەتێنەگەیشتنەوەیە ؟**

—من پیموایە لەتێ نەگەیشتنەوەیە، چونکە ئەوانەی کەمن بەشداریم کردوون بۆ بازرگانی نەبووە . تۆ ئەتوانی پرسیار بکەیت، ئەتوانیت لەدەرەوە پرسیار بکەیت.

**• ببورە لەکاتێکدا هونەرمەند ئەو حەقەیشی هەیە؟**

—بەلێ حەقی هەیە .چۆن حەقی نیە، من لەدەرەوە ئەوەی کراوە بۆ کوردستان لەچوون بۆ بەرسەفارەت بگرە لەیادی ئەنفالەوە بگرە زۆر شتی دیکە، بۆنموونە پێنج جار ئێمە لەگەڵ مەرزییە بۆ منالپارێزو بۆکۆمەک

و بۆ زاهیدپەروەران ئێمە ئاهەنگمان گێڕاوە بێ ئەوەی هیچ وەربگرین، گۆرانیبێژی تر نەیکردوە .بەتایبەت بۆ ریفراندۆم ئەوەی ئێمە کردومانە بۆ ریفراندۆم من و مەرزییە شەرمناکەم ئەیلێم من و مەرزییە، چونکە برادەرانی کۆمیتەی ریفراندۆمیش خۆیان باش دەزانن کەسی تر نەیکردوە، داوام لەگۆرانیبێژی خەلکی سلێمانی کردوە بۆ ریفراندۆم بەشدار بێت برێکیان وتویانە نایکەین، من پێموابێت ئەوە هەقی هونەرمەندە، هەقی گۆرانیبێژە ..

***کاک ناسر وەکو من ئەزانم لەساڵانی (١٩٨٤بۆ١٩٨٥) تۆ نزیکەی زیاتر لە(٧تا١٠)کاسێتت بەرهەمهێناوە لەو ماوەیەدا، بەو ئیمکانیاتە کەمەوەو ئەوسانسۆرەگەورەی کەبەعس دایانابوو، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئەم ساڵانەی ئەخیر تۆ زۆر ساڵ نەتتوانیوە کاسێتێکیش بهێنیتەبەرهەم، لەکاتێکدا رەنگە ئیمکانیات لەبەردەستدا بوبێت؟**

– نەخێر وانیە ئیمکانیەتم لەبەردەستا نەبووە، جاری بامن یەک شتت عەرز بکەم، زۆر جاریش ئەمەم باسکردووە بەداخەوە من تەنیا نالێم ناسری رەزازی گۆرانیبێژە کە گۆرانیبێژی کورد بەرهەمەکانی لەئێران لەعێراق لەسوریە لەتورکیا لەو کوردستانە

brushes made by
envi1ro.deviantart.com

ئازادەبلاودەبێتەوە فلسی پێناگات، ئەمە جەنایەت نیە، ئەمە کارەسات نیە، ئەوە هی ئەوەیە تائێستا خەریکە بۆ چوار ساڵ دەچێت، (٢٦)گۆرانی نوێم هەیە هۆنراوەی نوێم هەیە، بەلام تۆماری ناکەم، بۆچی تۆماری بکەم ؟ تۆماری بکەم تەسجیلاتەکان بەخۆرایی یان بەپارە دەیفرۆشن و منیش هیچم پێ ناگات من لەتورەبوندا ئەوکارە ناکەم، ئەگەر کۆمپانیایەک هەبێت پشتی من بگرێت، ئەگەر ئەو کۆمپانیایە بلاویبکاتەوە، بۆئەوەی کەکۆپی نەکرێت بۆ نایکەم،،بەلام ئێستە نایکەم . وەختێ کۆمپانیایەک هەبێت دەبێت هەقی هۆنراوە دانان بدات، دەبێت مافی ئاواز دانەر بدات، دەبێت مافی ژەنیار بدات، دەبێت تەنانەت حکومەتی کوردستانیش باجێکی لێوەربگرێت، با ئەوبتوانێت پشتیوانی ئێمەبێت، بەلام هیچی نیە دەبۆبیکەم نایکەم..؟! تەنانەت واملێهاتووە کەئەو گۆرانیانە تۆمار بکەم و داینێم بۆدوای مردنم منالەکان بیفرۆشن خێری لێ ببینن .- ببورە کەئەوقسەیەدەکەم - ئەوەیە گرفتەکەی ئێمە خەلک لەدوورەوە نازانێت پێیوایە ئێمە ژیانێکی خۆشمان هەیە، بەدبەخترە لەژیانی هونەری بروام پێبکە بەدبەخترە لەژیانی سیاسی کاری هونەری لەناو میللەتی کوردا ..

**• کاک ناسر بەڵام تۆ....**

– قسەکەت لەبیر نەچێت – بەڵام من سەرەڕای ئەم هەموو گرفت و کێشەیەکە باسم کرد لەدەرەوە هەتا ئێستا لەماوەی ئەم (٢٠) ساڵەدا من نزیکەی ٨کاسێت و CD م زیاتر داوەتە دەرێ، سەرەڕای ئەو هەموو بێدەرەتانییە.

**• بەڵام بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی شاخ هێشتا کەمە ؟**

–ئاخر سەردەمی شاخ دەرەتانەکەی زۆر بوو، من ئەهاتمە سلێمانیکاسێتی گۆمەشینم بەشەوێک دانیشتن تۆمارکرد، نەمن پارەم وەرگرت نە برادەران پارەیان وەرگرت، تەسجیلاتیش بۆخۆی بڵاویکردەوە، بەلام ئێستا لەئەوروپا وانیە لەدەرەوەیش وانیە، تۆ ئەگەر بتەوێ کاسێتێک تۆماربکەیت، ستۆدیۆ دانراوە لەسلێمانی ستۆدیۆی کاک ئارا بۆنموونە، ئەبێت برۆیت لەستۆدیۆوە پارەبدەیت، چونکە ئەویش لەناو بیرنەیهێناوە، پارەیەکی سەرفکردوە ستۆدیۆیەکی داناوە، تۆیش ئەبێ بچیت لەستۆدیۆکەدا بەپارە بیکەیت، ئێمە ئەڕۆین پارە خەرج ئەکەین، بەلام وەختێک نافرۆشرێت بۆبیکەم، نافرۆشرێت، چونکە کۆپی دەکەن..!

brushes made by
envirо.deviantart.com

**• کاک ناسر ئەوەندەی من بزانم هاتنەوەی تۆ بۆکوردستان هەرئەوەیە کەخزمەت بەهونەری کوردی بکەین و دیسانەوە بەردەوام بیت، تۆ وەختێک ئەزانی هەمووکێشەو گرفتەکەی کەهەیە چۆن بەلێنت داوە بێیتەوە ؟**

– تەنیا ئەوە نییە من ئیتر عومرم بووبە (٥٠) ساڵ من ماندوم، وەک جاران نەماوم ئەو حەز و تاقەت و راوەستاویەی جارانم نەماوە، من لەلایەک پێویستە تۆزێک بۆ خۆم پشووبدەم، بەلام تائەو جێگایەش پێم دەکرێت لەم دواین تەمەنەوە، چەند شتێک بکەم، تەنیا ئەولایەنە نیە کەمن بۆئەوە هاتبێتمەوە کەکاری هونەری بکەم، نا هەندەران کوشتینی، هەندەران لەناوی بردین، مرۆڤ کاتێک کەدووربێت لەواقیعی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە لەئەسێ کۆمەڵگاکەی خۆی تووشی هەزارگرفت و کێشە دەبێت، بەتایبەت مردنێکی لەسەرخۆ،من وەختێک ئەزانم ئێستا ولاتەکەم ئازادە تارادەیەک بابێمەوە ئێرە، کاری هونەریشم پێناکرێت گرفت نیە، لانی کەم مرۆڤ ئەتوانێ پشوویەک بدات.

brushes made by
env1ro.deviantart.com